KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:49 7-11-2007

د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق داوایکرد فەڕەنسا وەك وڵات و وەك ئەندامێکی کاریگەری یەکێتی ئەوروپا هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ پێشگرتن لە ئەگەری هێرش و لەشکر کێشیی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و جەختیکردەوە لەسەر بە ئاشتیانە چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکان.

د. بەرهەم ساڵح لە میانی دیدارێکدا لەگەڵ ژان فرانسوا ژیرو باڵیۆزی فەڕەنسا لە بەغدا کە سەرلەبەیانی رۆژی 11/5 لەنووسینگەی تایبەتی خۆی لە بەغدا بەڕێوەچوو، لە بارەی دوایین پێشهاتەکانی دۆسیەی سیاسیی ئەمڕۆی عیراق و ئەگەرەکانی لەشکرکێشیی تورکیا دووا و داوایکرد فەڕەنسا هەوڵ و تەقەلای خۆی و کاریگەریی یەکێتیی ئەوروپا باشتر بخاتە گەڕ بۆ پێشگرتن لە لەئەگەری کردەوەی سەربازی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و



تەئکیدی کردەوە لەسەر بەردەوام بوونی هەوڵەکان بۆ گرتنەبەری رێگە چارەی ئاشتیانە و هێنانە ئارای دیالۆگێکی بنیاتنەرانە و ئەو هەوڵانەشی بەرز نرخاند کە لەو پێناوەدا گیراونەتەبەر و لە ئێستاوە ئەنجامی باشیان هەبووە.

تەوەرێکی تری دیدارەکەی جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق گفتوگۆ کردن بوو لەسەر توندوتۆڵ کردنی پەیوەندییەکان بەهۆی کردنەوەی کونسوڵگەری لە هەرێمی کوردستان و پرۆژە و بەرنامە هەمەلایەن و رووناکبیرییەکانی فەڕەنسا لەعیراق و کوردستاندا.

نووسینگەی راگەیاندنی د. بەرهەم
کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.